سەماحەتی حەکیم جەخت لەسەر دابین کردنی کۆشکی یاسایی بۆ نەهێشتنی مادەی هێشبەر دەکات

بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە نووسینگەی خۆی چاوی کەوت بە بەڕێز شیخ عەدنان ئەلجەشمی سەرۆکی پارتی پێشکەوتن و هاوپەیمانێتی چەتری واسیت و سەرۆکی لیژنەی نەهێشتنی مادەی هێشبەر و کارلێکە عەقلییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەران، لەم دیدارە باس لە پێشهاتەکانی عێراق و چۆنیەتی پاڵپشتی کردنی حکومەت لە جێبەجێکردنی بەرنامەی خزمەتگوزاری و گەشەپێدان کرا.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە گرنگە پارێزگاکان پالپشتی بکرێن و دەخیان باش بکرێت بەپێی دەستەلاتە دەستوورییەکان و یاساییەکان، هوونیشی کردەوە کە سەرکەوتن لە پارێزگاکان پێویستە بە سەرکەوتنی قەناغی ئێستادا.

سەماحەتی حەکیم جەختیشی کردەوە لەسەر پێویستی دابین کردنی کەش و هەوای یاسایی بۆ قەڵاچۆکردنی مادەی هێشبەر، داواشی کرد جیاکردنەوە هەبێت بۆ ئەوەی بەکاری دەهێنەت لەگەڵ ئەو کەسەی بازرگانی پێ دەکات و گوتی ئەوەی بەکاری دەهێنەت قوربانییە و ئەوەی بازرگانیشی پێوە دەکات تاوانبارە.